**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ٩٨٠٨ لە ٢٠٢٣/٨/٧**

**بڕیاری**

**ژمارە (٢٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، دوابەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٧) لە ٢٠٢٠/٥/١٣، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، و ئاماژە بەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١١) لە ٢٠٢٣/٦/٧ ، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە :

١- پەسندکردنی (ڕێکخستنەوەی بنەماکانی پرۆسەی ڕێپێدانی بینا و جێبەجێکردنی کۆدی بیناسازی) لە هەرێمی کوردستان .

٢- ڕاسپاردنی گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کە هاوکار وهەماهەنگی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بن بۆ جێبەجێکردنی ڕێنمایی نوێی پرۆسەی ڕێپێدانی بینا و کۆدی بیناسازی لە هەرێم ئاماژە پێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە .

٣- وەزارەت و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و وێنەیەکی بنەمای پرۆسەی نوێی ڕێپێدانی بینا و کۆدی بینا سازیی هاتوو لەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**